ڕۆژان ٣٢، ٣٣، ٣٤ ، ٣٦. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکە بۆ ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لە بەری بکە ، ئەرکەکانی ڕابەرانی کڵێسا : کردار ٢٠: ٢٨ ، ڕۆژانە پێداچونەوە بکە بۆ دواین ئەو پێنج ئایەتەی لەبەرت کردوە .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما ٤: ١٤- ٢٥. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (١٦)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ٢هەواڵی ڕۆژان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (٢هەواڵی ڕۆژان ٣٢، ٣٣ ، ٣٤ ، ٣٦)

گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) "ئەرکەکانی ڕابەرانی کڵێسا" کردار ٢٠: ٢٨

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچونەوە** بکەن ، "ئەرکەکانی ڕابەرانی کڵێسا" کردار ٢٠: ٢٨.

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما 4: 17- 25

پێشەکی : پۆڵس لە ڕۆما ٤: ١- ١٧ بەڵگەی خستە ڕوو لەبارەی بێتاوان بوون بە باوەڕ هەمیشە ئەو ڕێگەیە کە ڕزگاریی پێ بەدەست دەهێنرێت لە کتێبی پیرۆزدا ، وە لە ڕۆما ٤: ١٧- ٢٢ دەریدەخات کە سروشتی باوەڕی ئیبراهیم دەرخەری باوەڕی ڕاستەقینەی ئیبراهیمە وە لە ڕۆما ٤: ٢٣- ٢٥ فێرمان دەکات کە باوەڕدارانی ئەمڕۆ دەتوانن ئەو باوەڕەی ئیبراهیمیان هەبێت و دەبێت خاوەنی هەمان باوەڕ بن .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما 4: ١٧- ٢٥ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان

بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .

بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).

هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .

(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما ٤: ١٧- ٢٢

ئاشکراکردنی ١: باوەڕی ئیبراهیم چوار بنەمای هەیە.

هەردوو بەڵگەکەش وەرگیراونەتەوە لە پەیمانی کۆن .

أ. بنەمای یەکەم لە ڕۆما ٤: ١٧ دایە و تایبەتە بە باوەڕی ئیبراهیم بە خودای زیندوو .

باوەڕی ئیبراهیم تەنها باوەڕێکی هاکەزایی نەبوو بەڵکو باوەڕی بە کەسایەتیەک وشتێکی دیاریکراو هەبوو . ئەو باوەڕی بە خودای زیندوو بوو وە هەرچیەک کە دەیڵێ و بەڵێنی پێداوە ، باوەڕی بە خودای بەتوانا بوو کە ژیان دەبەخشێ بە مردوان ، هەروەها باوەڕی بە خودای سەرڕاست هەبوو ، وە بەڵێنی خودا بە دڵنیاییەوە دێتە دی .

ب. دوەم بنەما لە ڕۆما ٤: ١٨ دایە ئەوەیش گرێدراوە بە باوەڕی ڕاستەوخۆی ئیبراهیم بە هیواوە .

ڕۆما ٤: ١١ – ١٨ بەو پەڕی هۆش ودڵییاییەوە ئیبراهیم مامەڵەی دەکرد لەگەڵ بەڵێنی خودا کە پێی فەرموو دەیکات بە باوکی زۆربەی نەتەوەکان ئیدی ئەم بەڵێنەی کردە ئامانجی .

ج. بنەمای سێ یەم لە ڕۆما ٤: ١٩- ٢١ سەرچاوەی هێزی باوەڕی ئیبراهیم ئەو تێڕوانین وبۆچوونەی بوو سەبارەت بە سروشتی خودا.

د. بنەمای چوارەم لە ڕۆما ٤: ٢٢ دەرئەنجامی باوەڕەکەی ئیبراهیم ئەوەبوو بە ڕاستودروست بۆی دانرا .

ڕۆما ٤: ٢٣- ٢٥

ئاشکراکردنی ٢: باوەڕی ئیبراهیم نمونەیە بۆ باوەڕدارانی ئەمڕۆ لەم لایەنانەی خوارەوە .

پۆڵس لە ١کۆرنسۆس ١٠: ١١ دەڵێت ئەو شتانەی ڕوویدا لە نێو گەلی ئیسرائیلدا هانی دان وە تاکو ببێتە نمونەیەك بۆ ئێمە پەندی لێوەربگرین وە هۆشداریشە بۆ ئێمە وە لە ڕۆما ٤: ٢٣- ٢٤ تەنها سەبارەت بە ئیبراهیم نانوسێت بەڵکو لەپێناوی ئێمەشدا هەروەها ، تەنها باوەڕی ئیبراهیم بە ڕاسودروست بۆی دانەنرا بەڵکو بۆ هەموو باوەڕداران ، لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی باوەڕی ئیبراهیم جیاواز بوو لە بارودۆخی باوەڕی ئێمە ، ئەوا لەیەکچونێك هەیە لە نێوان باوەڕی ئیبراهیم وئێمە چونکە باوەڕی ئیبراهیم لە پەیمانی کۆندا بنەماکەی و ناوەڕۆکەکەی لە پەیمانی نوێدا دەردەخات .

أ. خاڵی هاوشێوەی یەکەم لە نێوان باوەڕی ئیبراهیم و باوەڕی ئێمە ئەوەیە چەقی باوەڕی ئیبراهیم خودی خودا خۆی بوو بڕوانە ڕۆما ٤: ٣ وە چەقی باوەڕی ئێمە هەروەها خودی خودا خۆیەتی ڕۆما ٤: ٢٤ . هەروەها بەراوردی بکە بە ڕۆما ٣: ٢٩- ٣٠ .

ب. خاڵی هاوشێوەی دوەم ئەوەیە باوەڕی ئیبراهیم ئاراستە بوو بەرەو خودا بەو پێیەی ژیان دەبەخشێت ڕۆما ٤: ١٧ هەروەها باوەڕی ئێمەش

ئاراستەیە بەرەو خودا ئەوەی عیسای مەسیحی خوداوەندی هەستانەوە لە مردن ڕۆما ٤: ١٢ .

ج. خاڵی هاوشێوەی سێ یەم ئەوەیە باوەڕی ئیبراهیم بەڵێنی خودای لەگەڵ بوو کە بە دەڵنیاییەوە دێتە دی ڕۆما ٤: ٢١ وە باوەڕی ئێمەش هەروەها بەڵێنی خودای لەگەڵدایەو هاتە دی لە مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەیدا ڕۆما ٤: ٢٥ .

بەڵام نابێت ڕاگەیاندنی قۆناغ بەقۆناغی مێژووی ڕزگاریی خودا لەبەرچاومان وون بکەین ، جیاوازی سەرەکی لە نێوان دۆخی ئیبراهیم وئێمە ئەوەیە ئیبراهیم بەڵێنی پێدرا بەڵام ئێمە وەرمان گرت ئەو بەڵینە ! ١کۆرنسۆس ١٠: ١١ .

هەنگاوی ٣: پرسیار . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 4: 17- 25 ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی

گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 4: 17

پرسیاری ١ : مەبەست چیە لەو وتەیەی کە دەڵێ خودا مردوو زیندوو دەکاتەوە و ئەو شتەی بوونی نییە دەیهێنێتە بوون ؟

تێبینیەکان .

أ. ئیبراهیم باوەڕی هێنا بە خودا "ئەوەی مردوو زیندوو دەکاتەوە."

ڕۆما ٤: ١٧ ؛ یۆحەنا ٥: ٢٨- ٢٩ ؛ ئەفەسۆس ١: ١٩- ٢٠ .

ب. ئیبراهیم باوەڕی هێنا بە خودای هەرە بەتوانا ئەوەی " ئەو شتەی بوونی نییە دەیهێنێتە بوون ."

پۆڵس ناڵێت خودا شتێك کە بوونی نیە دەهێنێتە بوون ، وەك ئەوەی بەردەوام بێت لە ئەفراندنی شتی نوێ بەو شێوەیەی کە بوونیان هەیە ئەو دەڵێت ئەو شتانەی بوونیان نیە ئێستا وایان لێدەکات هەبن ! عیبرانیەکان ١١: ١ .

ڕۆما ٤: ١٨

پرسیاری ٢: سروشتی هیوای ئیبراهیم کامە بوو ؟

تێبینیەکان .

ڕۆما ٤: ١٨- ١٩ .

ڕۆما ٤: ١٩- ٢١

پرسیاری ٣: چی وای کرد باوەڕی ئیبراهیم بەهێز بێت ؟

تێبینیەکان .

أ. تێڕوانینی ئیبراهیم بۆ خودا سروشتی باوەڕەکەی دیاری کرد . ڕۆما ٤: ١٩ ؛ پەیدابوون ١٧: ١٧؛ ١٨: ١١ وە ئایەتی ٢٠ ڕوونی دەکاتەوە کە باوەڕی ئیبراهیم لاواز نەبوو وەك ئاماژەیەك بۆئەوەی ئیبراهیم خۆی سەرقاڵ نەکردبوو بە گومانەوە و عەقڵی پڕ نەبوو لە گومان بەرامبەر بە بەڵێنی خودا ، ئیدی ئیبراهیم شوێنێکی نەهێشتبۆوە بۆ گومان سەبارەت بە بەڵێنی خودا چونکە بە تەواوەتی و بەو پەڕی تواناوە باوەڕی بە خودا هەبوو بە سەڕاستی و متمانەوە .

وە ئایەتی ٢١ پێمان دەڵێت کە ئیبراهیم متمانەی تەواوی هەبوو کە خودا تواناداڕە و هەرچیەکی بوێ دەیکات و بەڵێنی خۆی دەباتە سەر ئەمە خاڵی بەهێزی باوەڕی ئیبراهیم بوو .

ب. بەڵێنە یەک لەدوای یەکەکانی خودا وای کرد باوەڕی ئیبراهیم بەهێز بێت . ڕۆما ٤: ٢٠- ٢١ .

ڕۆما ٤: ٢٢

پرسیاری ٤: واتای ڕاستەقینەی ئەم وشانە چیە " بەڕاستودروستی بۆی دانرا "؟

تێبینیەکان .

باوەڕی ئیبراهیم بە ڕاستودروستی بۆی دانرا یەمە بەو واتایە نیە کە خودی باوەڕی ئیبراهیم بە جۆرێك لە کردار بۆی دانرا بەڵکو بە ڕاستودروستی بۆی دانرا وەك کارێکی چاك و ڕاستودروست ڕۆما ٤: ٢ .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٤: ١٦ ؛ ڕۆما ٤: ٤ وشەی بۆی دانرا هیچ پەیوەندی بە پاداشت و کرێوە نیە چونکە دەستەواژەیەکی یاساییە و دەخرێتە پاڵی بەو واتایەی بەو وای دادەنێ وماملەی لەگەڵدا دەکرێ .

ڕۆما ٤: ٢٥ پرسیاری ٥: بۆچی بێتاوانی یاخود ڕاستودروستیمان پشت دەبەستێ بە مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەی ؟

تێبینیەکان .

ئایەتی ٢٥ دەڵێت عیسا درایە دەستەوە بۆ مردن لە پێناوی یاخی بوونەکانمان وە هەستایەوە لە پێناوی ڕاستودروستیمان یاخود بێتاوانیمان ، عیسای مەسیح درایە دەستەوە بۆ مردن تاکو بێتاوان بوونمان دەستەبەر بکات واتە مامەڵە بکات لەگەڵ کاریگەری گوناهەکانمان و کەفارەتی بکات تاکو خودا ڕاستودروستمان بکات . بڕوانە ڕۆما ٣: ٢٤ ؛ ٥: ٩ ؛ ڕۆما ٣: ٢٢ ؛ ڕۆما ٤: ٢٥ .

<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>. **پەپڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ٤: ١٧- ٢٥ .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

<u>١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ٤: ١٧- ٢٥ .</u>

٤: 17 : خودا ژیان و ویژدان دەبەخشێ بە مردوان بۆیە ڕێگە بدە بە خودا ژیانی تاهەتاییت بدات بە ڕۆحت بەوەی عیسای مەسیح قبوڵ بکەیت و کارە ڕزگاریە تەواوەتیەکەی بۆ دڵ وژیانت ، ڕێگە بدە بە خودا جەستەیەکی ماددی بەهێزی نوێ و توانایەکی نویت بداتێ تاوەکو بتوانی ئەو کارانە بکەیت کە پێشتر نەتوانیوە بیکەیت .

٤: ١٧ : خودا ئەو شتە نەبووانە دەهێنێتە بوون وەکو ئەوانەی کە بوونیان هەیە . باوەڕێکی چەسپاوت هەبێت بە خوداو بەڵێنەکانی بێ دڵەڕاوکێ و گومان چونکە بەڵێنەکانی خودا چاکن و بە تەواوەتی دێنە دی .

٤: ١١، ١٨ : ئامانجی خودا بکە بە ئامانجی خۆت .

٤: ١٨ : باوەڕ بکە بە بەڵێنەکانی خودا بەبێ واز هێنان لە هیواو چاوەڕوانیت بەچەسپاوی و بە بێ گومان کردن .

٤: ١٩- ٢٠ : ڕێگە مەدە بە بارودۆخت بڕیار بدات لەسەر سروشتی باوەڕەکەت بەڵکو ڕێگە بدە بە خودا باوەڕت بەهێز بکات لە بەڵێنە یەک لەدوای یەکەکانی .

٤: ٢٠- ٢١ : بەردەوام گەشە بکە لە زانیاریت لە خودا زیاتروزیاتر چونکە تێروانینت بۆ خودا بڕیار دەدات لە سروشتی باوەڕەکەت.

٤: ٢٣- ٢٤ : بەبیری خۆتی بهێنەوە وشەی خودا لە پەیمانی کۆن تەنها تایبەت نیە بەو خەڵکانەی لەو ماوە کۆنەدا ژیاون ، هەروەها بۆ ئەوانەشە کە لە ماوەی پەیمانی نوێدان (بۆ تۆشە هەروەها).

٤: ٢٥ : بەردەوام بەبیری خۆتی بهێنەوە کە مردنی عیسای مەسیح بێتاوان بوون وڕاستودروستی هێنایە دی وە هەستانەوەی ئەو ڕاستودروستی و بێتاوانیەی مسۆگەر کرد.

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. من دەزانم هێزی باوەڕم تێڕوانینم بۆ خودا دیاری دەکات و دەچیتە ژێر کاریگەری تێروانینەکەمەوە بۆیە دەمەوێ تێڕوانینێکی دروستم هەبێت کە

خودا سەرپراستەو بەڵێنەکانی خۆی دەباتە سەر وە تێڕوانینم وەها بێت کە خودا تواناداره و دەتوانێ ئەوە بکات کە بەڵێنی داوە ، هەروەها دەزانم من دەتوانم بەهێز بم لەڕێگەی باوەڕەکەمەوە، وە کاتێ دەست دەگرم بە بەڵێنەکانی خوداوە کە لە کتێبی پیرۆزدا دایەتی پێم هێز بەدەست دەهێنم ، هەروەها هێز بەدەست دەهێنم کاتێ شکۆمەندی دەدەم بە خودا و بە متمانەکردنم بە وشەکانی .

ب. دەزانم کە باوەڕەکەم هاوشێوەی باوەڕی ئیبراهیمە لە زۆر ڕووەوە ، هەروەها منیش باوەڕم بە خودای زیندوە وە باوەڕم بەوەیە کە مردوو زیندوو دەکاتەوە ، ئەوەبوو عیسای مەسیحی هەستاندەوە لە مردن وە هەروەها منیش باوەڕم بە بەڵێنەکانی خودا هەیە وەك چۆن بەڵێنی دا بە ئیبراهیم لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە ئەوەی مرد وهەستایەوە لە مردن ، کە خودا هەموو هۆزەکانی زەوی پیرۆز دەکات !

<u>هەنگاوی ٥: نوێژ بکە</u> **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ٤: 17- 25 .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما ٤: 17- 25.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور ١، 2، 5 ، 8 . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : شکۆ لە کڵێسادا : ئەفەسۆس ٣: ٢٠- ٢١ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی مەڕی ونبوو ئامادە بکە لە لۆقا ١٥: ١- ٧ وە نمونەی کوڕی ونبوو ئامادە بکە لە لۆقا ١٥: ١١- ٣٢ سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .